**هەرەس**

ئەم بەیانییە گوێم لە گۆرانی کۆلکە زێڕینەبوو. دەمێک بوو چاوەڕێ بووم هەورو خۆر و شەماڵ لەگەڵ یەک هەڵپەڕن. ئای هەڵپەڕینی ئازاد چ چێژێکی هەیە. ئەو هەڵپەڕینە گەورەکچانی وڵاتم پێیدەڵێن هەڵپەڕینی نەورۆز.
وا سەبرسەبر بەفەرە ڕەقەکانی سوارسەری چیاکان ببوون ڕندووەکانی تەنک دەبن. ئەو ڕندووە قورسەی وەک شاخێکی نەجوڵ چۆکی دادابووە سەرسنگی تەمەنی وڵاتێک، لای وابوو ئیدی نە گڤەی خاتوزمهەرین، نەک تیشکی خۆر پێیدەوێرێ، نە تەمەنی پیری بەهار دەتوانێ بیبزوێنێ.
زستان لای وای وابوو ئەوەی تائێستا ئەو لە خۆڕاگری بەستەڵەکی سارد و تەلەمباربوونی هاژوهژی زریان بۆی کۆبوونە، ئەوە خۆڕاگری حاکمیەتی تەمەنی ئەبەدی ئەوە دەبێ چرۆی درەختەکان لە لولەی سیخواری بخنکێنێ. دەبێ زەوی وابخەسێنێ دەغڵودانی بۆ وەرزێڕەکان تێدابەرهەم نەیەت.
زستان وەک حاکمێکی خنکێنەر بەزەبرو زەختی ساردی سەهۆڵەکان شاخ و بەردەکانی لەغاوکردبوو، دارو پوش و پڵاش و گاشەبەردەکانیش دەبوو فەرمان بەرداری دەستورەکانی ئەوبن، وەک ئەوە بۆتە ڕێگر نابێ منداڵی کۆڵانەکان بەبێ ئیجازەی ئەو سەر لەسوێ دەرخەن.
تەمەن هەڵدەکشێ. زەوی سەبرسەبر دێتەوە خۆ ئامێز لە چڵە گۆگە پیرەکە دەدا لە قەد نسێکە ڕندووە بەفرەکان تەواو هیلاکیان کردبوو.
هەناسەی زەوی و خۆبادانی پیرە گۆگەم و سەمای حەوشەی منداڵەکان دەبنە هێز و ئارەقەی بەهار ژێرپێی ڕندووەکان شل شل دەبن. زستان ددان لە چیرەوە دەبا خۆبگرێ، بەڵام ئیدی

خزبوونی ژێرپێی چۆتە بوارێک دەبێ ئەویش داڕوخێتە دامێنی چیاکان تا ببێتە کەوندە ئاو بۆ گوڵدان و کەشاوی وەرزێڕان و پڕکردنی حەوزی مەلەوانگەی منداڵەکان.
بەڵێ تەمەنی دەسەڵاتی وڵاتی ئێران هەرسەری ئەو ڕندووە بەفرانەیە بخوازی و نەخوازێی دەبێ چۆک داداو خۆی تەسلیمی سروشتی ڕەوتی ژیان و ئاڵوگۆڕەکان بکات وەزێکی تازە تێیدا سووڕبخوات. تەمەنێکی خنکاو هەڵوەدای ژیانی سەربەسی .

ئەحمەد بەهرامی"تورجانیزادە" ٢٠٢٥/٦/١٧